# مۆسیقای کوردی و گرووپی کامکاره کان1

نووسه ر : هووشه نگی کامکار

وه رگێڕ : ڕێناس جاف

تیپ و گرووپه که ی مه، له دووی تاقه سترانبێژێک نییه، چونکه
زۆربه ی سترانبێژان پێیان خۆشه هه موو شتێ به خۆیان بێت.
دیاره هه ر ئه و خاڵه ، هه ستی هاریکاری کز ده کات.
ڕۆڵ و ده وری سترانبێژیش ده بێ ئه وه نده ی ئامێرێکی مۆسیقا بێت
نه ک فره تر . ده بێ وه ک ئامێرێکی مۆسیقا ، چاو له سترانبێژ بکه ی
و حسێبی بۆ بکه یه وه ، به ڵام به داخه وه که سمان ڕه چاوی
ئه م خاڵه ناکه ین . ده جا دیاره له وا دۆخێکدا ، ده وری مۆسیقا و
ژه نیاره کان، کاڵتر ده نوێنێ ، ئه وه له حاڵێکدایه ئه رک و زه حمه تی
سه ره کی ، وه ئه ستۆی مۆسیقار و ژه نیاره و له چاو سترانبێژ
که ده نگه که ی ، به هره یێکی خوداپێداوه، هه موو ئه رکه که
له سه ر شانی ئه وانه .
که چی سترانبێژ گه ره کیه تی به په یژه ی تیپ و گرووپێک دا
سه ر بکه وێ و نێو بانگ ده ر بکات ، هه ر ئه و جۆره
هه ڵس و که وتانه، هه ستی هاوکاری گشتی و هه مووانی،
گه لێ کز ده کات و بگره ئه یشیفه وتێنێ .
" کامکاره کان " دایمه هه وڵیان داوه به تاقه که سێک دڵ نه به ستن
و پێ به ن به یه ک که سی تایبه ت نه بن و هه ر جاره له گه ڵ
سترانبێژێک چالاکییان نواندووه و ئه زموونی خۆیان تاقی کردۆته وه.
ئێمه زۆر پێشنیازمان له گه وره ترین سترانبێژانی ئێرانییه وه
بۆ هاوکاریکردن، پێگه یشتووه ، به ڵام ئێمه بۆ خۆ ئه وه ند له دووی
وا کارێک نین و ئه وه ن هۆگری ئه و چه شنه کارانه نین ، چونکه
ئه و ده م هه موو ئه رک و چالاکی و ماندوو بوونێکی گرووپ و
تیپه که مان ، ئه که وێته بن کارتێکه ری تاقه که سێکه وه .
ئه رچی وه بزانم خه ڵک دایمه پێیان خۆشه ، گوێیان له ده نگی

سترانبێژێک بێت، به ڵام چالاکی گرووپه که ی مه ، دایمه پێشوازی
به رفره و چاکی لێوه کراوه.
ئێسته ئه م بابه ته بۆ ئێمه بۆته ئامانجێک که له خۆڕا سترانبێژێک
به رز نه که ینه وه .
ئێمه به رده وام له هه وڵداین هه تا ئاواز و نه واکانی کۆن
بدۆزینه وه و به باشترین شێوه ، پێشکه شیان بکه ین .
هه ندێ جار هه ر کامه له و ئاوازونه وا وهه وایانه ، ته نێ
به ئه ندازه ی ملۆدیێکی ساده ی چه ن دێڕییه که ئێمه خۆمان ،
په ل و پۆی پێ ده ده ین و ئه یبووژێنینه وه و ئۆرکستراسیۆنی
نوێی له سه ر داده نێین . ته نانه ت هه ندێ جاریش ئێمه بۆ بڕێک
له و مێلۆدی و ئاوازانه ئۆرکستراسیۆنی سه مفۆنیک بۆ ئۆرکسترای
گه وره ش ، ئاماده ی ده که ین.
له لایێکی تره وه ئێمه هه موومان زاده ی شاری سنه ین و
له وێ له دایک بووین .
له و مه حاڵه وه ته نانه ت خه ڵکی شاره کانی کوردستان ،
شریتی کۆنی گۆرانیمان بۆ ده نێرن که له ئاستێکی خواردان و
زۆر خراپیش تۆمار کراون، به ڵام ئێمه هه موو هه وڵی خۆ ده کار
دێنین و سه ر له نوێ زیندوویان ئه که ینه وه و له ڕێی کۆنسێرتی
جۆربه جۆره وه ، ئه یانخوێنینه وه و به فۆرمێ تازه تۆماریان
ئه که ینه وه .
له لایێکی دیکه شه وه باوکم له کتێبێک دا نۆته ی بۆ زۆربه ی
گۆرانییه کانی کوردی نووسیوه و ئێمه ش هه ندێ جار ، په نا
بۆ ئه و به رهه مه ده به ین .
زۆربه ی تویژینه وه کانی من ، له سه ر ئاواز و مۆسیقای ناوچه ی
هه ورامانه .
مۆسیقای هه ورامان، خاوه نی مێژینه یێکی کۆنی نێزیک به 2500
ساڵه یه . بۆیه من ئه وه نده خۆمی پێوه سه رقاڵ ده که م .
له و باره شه وه مۆسیقای کوردی، ئه وه نده ی مۆسیقای سه ده کانی
نێوه ڕاستی ئه وروپا کۆنه .
ئه م چه شنه مۆسیقا کوردییه هه ر له و ده مه وه هه تا به ئێستا
به شێوه زاری هه ورامی، تۆمار کراوه .
مۆسیقای ناوچه ی هه ورامان ، هه تا به ئێستا هه مان فۆرم و

شێوازی خۆی پاراستووه و هه موو ساڵێک له سه ر مه زار و
ئارامگه كه ی " پیرشالیار" له ئاوایی هه ورامانی ته خت،
زه ماوه ندی پیر شالیار به گۆرانی و مۆسیقای تایبه ته وه
به ڕێوه ده چێ .
مۆسیقای هه ورامان ، مۆسیقاییكی ده وڵه مه نده كه هه تا به ئێستا
ئه وه ند ده سكاری نه كراوه و ئه و ده وڵه مه ندی و
ڕه سه نایه تییه ی خۆی پاراستووه .
هه ورامان ناوچه یێکی شاخاوییه كه چیای به رز و گه رده نكه ش
ده وره یان داوه ، هه ر له به ر ئه و تایبه ته مه ندییه ش ،
كه لتووره كه ی ، بێگانه ئه وه ند نه یتوانیوه دزه ی تێ بكات و
بیشێوێنێ .
ئه و مۆسیقا ده وڵه مه ند و ڕه سه نه ، كه ره سته ی خاو
بۆ چالاكی تیپه كه ی ئێمه یه .
ته سنیفه كانی وه ك زێڕ و مروارین كه له نێو خاكدا
ئه دره وشێنه وه ، ئێمه له ژێر ئه و خاك و خۆڵه یان ده ردێنین و
ئه یانبووژێنینه وه هه تا خه ڵك گوێیان بۆ ڕادێرن و چێژیان
لێ ببه ن .
تیپی مۆسیقای كامكاره كان ڕۆژی 26 مارس ، له هۆڵی
" ئۆدۆ تۆریۆم" ی شاری ڕۆمدا كه یه كێ له گه وره ترین هۆڵه كانی
مۆسیقا ژه نینه و هه ر ئه م به ینه ش چێ كراوه ، پرۆگرام و
به رنامه ی هونه ری به ڕێوه ده بات.
ئه م كۆنسێرته یه كه م به رنامه ی هونه ری مۆسیقای خۆرهه ڵاته
كه بڕیاره له و هۆڵه دا به ڕێوه بچێ.
هه ر له و ماوه دا كۆڕه جێژنێكی تایبه ت به كه لتووری كوردی
له شاری ڕۆمدا به ڕێوه ده چێ و هونه رمه ندان له بوار و
لقه كانی هونه ری دا، به شدار ده بن، بۆ وێنه
به ڕێز " به همه نی قوبادی" له ئێرانه وه به فیلمی "كیسه ڵه كانیش
ده فڕن " ، به شداری ئه و ئاهه نگه ده بێت.
هه ر وه ها له به رهه م و كاره كانی پێشوومان ، چه ن گۆرانی و
به زمێكی وه ك " قاسم خان " ، " گوڵ نیشان " ، " كه ڤۆكێ " و
" نه وای ده رویشان "، پێشكه ش ده كه ین، چوار به رهه م و
كاری تازه شمان به ده سته وه یه كه فۆرم و شێوازێكی ته واو

تازه یان هه یه .
" ئیحسانی ئه خوان " سترانبێژی تیپه که مانه و هه موو
به رهه مه کانیش ، ساخته ی ده س خۆمانن. گرووپیش
به شێوه ی هاوچڕ یارمه تیمان ده دات.

1 ئه م ناونیشانه وه رگێڕ بۆ بابه ته که ی داناوه.

سه رچاوه : ڕۆژنامه ی شه رق، هه ینی 7 ڕه شه مه ی

1383 هه تاوی ، 25 فیبراری 2005 زایینی

Renas caf@yahoo.com